# پێشەنگانی ڕۆشنگەری شیعری کلاسیکی کوردی

**د. بەیان کەریمی**
**(بانە)**

**ڕۆشنگەری چییە؟**

قۆناغێک کە لە ئەدەبیاتی فەلسەفیدا بە بزاڤی ڕۆشنگەری ناوزەدکراوە، ئاماژە بە سەدەیەک دەکات کە تێیدا شەپۆلێکی بە هێزی هزری فەلسەفی کە لەسەر بناغەی ئۆمانیزم، یان مرۆڤمەزنێتی دارێژاوە، دژایەتی لەگەڵ کۆمەڵێک بیروباوەڕ و پرەنسیپی ئایینی سەردەم دەکات کە لە لایەن کەنیسە و کڵێساوە پیرۆز کرابوون و دەست تێوەردانیان قەدەغە و یاساغ کرابوو، بە واتایەکی دیکە لەم قۆناغەدا شێوازێکی نوێ لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و عەقڵانی دەست پێ دەکات کە تێیدا بیریارانی ئەم سەدەیە بوێرانە هەدان و گومانیان خستووەتە سەر هەموو ئەو پرەنسیپ و بڕوا بێ بەڵگانەی کە تا ئەو سەردەمە، دەنگی زاڵ و نەریتی باو بوون. ڕۆشنگەری لەسەر بناغەی ئازادی ڕادەربڕین و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایینی ئەو سەردەمە پێناسە دەکرێت کە لەم سۆنگەیەوە پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، هەروەها پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا دێت. لەم سەدەیەدا بە پێچەوانەی سەدەکانی نێوەڕاست لە ئەوروپا هێز، ویست، وزە و بڕشتی مرۆڤ چیدی لە ئایین و دەقە پیرۆزەکان وەرناگیرێ، بەڵکو بنەمای ڕۆشنگەری لەسەر بڕوا دەربڕین و باوەڕهێنان بە خودی مرۆڤ و گۆڕینی ڕوانین و باوەڕەکان لە ئاسمانەوە بۆ زەوی و مرۆڤ پێکهاتووە و ڕۆنراوە، هەر بۆیەش ئەم بزاڤە شێلگیرانە پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ و پیرۆز ڕاگرتنی کەرامەت و ئازادی مرۆڤ دەکات، ئەمەش تەنیا بە ڕاونان و ڕەواندنەوەی تەم و تاریکی سەدەکانی ناوەڕاست سەری هەڵداوە و سەری گرتووە.

بزاڤی ڕۆشنگەری بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە کۆی ئەو کۆمەڵە ڕوانگە و تێڕوانینە ئەدەبی، فەلسەفی و مەعریفییانەی کە لە لایەن کۆمەڵێک بیریار لە سەدەی حەڤدە و هەژدەی زایینیدا لە نێوان شۆڕشی ئینگلیزی لە ساڵی ١٦٨٨ی زایینی و شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ی زایینی ئاراستە کراون. بە واتایەکی دیکە لە ڕووی قۆناغی مێژووییەوە بزاڤی ڕۆشنگەری لە کۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەی زایینییەوە دەستی پێکردووە و لە سەدەی هەژدەدا بە لووتکەی پێشکەوتن و سەرکەوتنی خۆی گەیشتووە. خاڵێکی گرینگ کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەمەیە کە لە ناو کۆمەڵی تێکۆشەرانی ڕۆشنگەری ئەم سەدەیە بەرەی بیریارانی نوێخواز، ئەدیبان، شاعیران و وێژەوەران هەڵکەوتوون کە بە گشتی بەسەر چوار وڵاتی ئینگلیز، هۆڵەندا، فەڕەنسا



**حاجی قادری کۆیی**

و ئەڵمانیادا دابەش دەکرێن. گۆڕانکاری لە سەدەی ڕۆشنگەری لە ئاقارە جیاوازەکاندا واتە زانست، وێژە، فەلسەفە و ئایین دەستی پێکردووە و ئەم بۆچوونە نوێباوانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا و سیاسەتیشدا داناوە، واتە ڕوانینی نوێ بۆ مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئازاد، پێناسە و ڕێساگەلێکی نوێباوی لە ئاقاری سیاسەتدا بەرهەم هێناوە. لە ناوازەترین و شوێن دانەرترین ڕۆشنگەرانی ئەم بزاڤە دەتوانین ئاماژە بە سپینۆزا، لاک، نیوتن، مۆنتسکیۆ، ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ، لێسینگ، دیدرۆ، دالامبێر و کانت بکەین.

لە ڕووی مێژووی فەلسەفەوە بە فەرمی سەدەی هەژدە بە نوێنەرایەتی کانت، بە دوندی بزاڤی ڕۆشنگەری دادەنێن، بەڵام هەندێک لە بیریاران پێیان وایە کە بنەڕەتی ڕۆشنگەریی دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر لە فەلسەفەی کانت و بۆ سەلماندنی ئەم بابەت و دیاردەیە ئاماژە بۆ کتێبێکی سپینۆزا دەکەن کە لە سەدەی هەڤدەمدا نووسیویەتی و تێیدا زۆر بوێرانە "کتێبی پیرۆز"ی خستووەتە ژێر پرسیار و بەرپەچی زۆربەی ناوەرۆکی ئەو کتێبەی داوەتەوە. هەر بەهۆی ئەم هۆکارەشەوەیە کە سپینۆزا بە پێشەنگی ڕۆشنگەری ڕادیکاڵی ئەورووپا ناوزەد دەکەن.(Israel, 2001: 157) بەڵام کاتێک باس لە داهاتن و هەڵایسانی چەمکی ڕۆشنگەری دەکەین بە واتای ئەوەی کە بیریارێک ڕاستەوخۆ دەقی فەلسەفی لەسەر ئەو مژار و بوارە بڵاو کردبێتەوە، ئەودەم کانت بە یەکەمین بیریار دێتە ئەژمار. کانت لە وەڵامی پرسیارێک کە لە ساڵی ١٧٨٤ی زایینی ئاراستە کرابوو، وتارێکی پێشکەش کرد کە تێیدا بە تێروتەسەلی باسی واتای ڕۆشنگەری و ماکەکانی ئەم چەمکەی کردووە.

کانت سەبارەت بەم مژارە دەڵێ: ڕۆشنگەری دەربازبوون و خۆهەڵاواردنی مرۆڤە لە پێنەگەیشتوویی و لاوازی کە خۆی بەسەر خۆیدا سەپاندوویەتی، پێنەگەیشتوویی، واتە ئەوەی مرۆڤ بە بێ ڕێنوێنی ئەوی دی، نەتوانێ عەقڵ و تێگەیشتنی خۆی بەکار بهێنێت. ئەم ژێر دەسەڵاتییە لەو بابەتە خۆ کردەیە کە هۆیەکەی نەک لە کەموکووڕی عەقڵی مرۆڤە، بەڵکو لە لاوازی بڕیاردان و بوێری ئەو تاکە چاولێکەرانەدا ونە، کە نایانەوێت بە بێ ڕێنوێنی ئەوی دی، کەڵک لە عەقڵی خۆیان وەربگرن. لەم سۆنگەیەوە دروشمی ڕۆشنگەری لای کانت ئەمەیە: "بوێریت هەبێ کە کەڵک لە عەقڵی خۆت وەربگریت" (Kant,1996:58). جێگای ئاماژەیە کە پێشمەرجی بەکارهێنانی عەقڵ تێکشکاندنی ئەو بەربەستانەیە کە بوێری و چاونەترسی و ئازایەتی دەوێ، چون ترسنۆکی و زات نەکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان، سەرەڕای ئەوەی کە سروشت سەردەمێکە پێی گەیاندوون و تێی گەیاندوون و لە دەست بە سەرداگرتنی ئەوی دی دەربازی کردوون، دیسان بە ویستی خۆیان بە درێژایی هەموو تەمەن وەک کۆیلە بمێننەوە و خەڵکانی دیکە بتوانن بە سانایی خۆیان بکەن بە سەرە و سەرۆک و سەرپەرشتیان، ئەمەش وەک دەرەتان و دەرفەتێکی ڕووەو ئاسوودەیی لە لایەن ئەم مرۆڤانەوە وەرگیراوە، بە گشتی ڕۆشنگەری ئاماژە بە چەشنێک بیرکردنەوە دەکات کە پشتی بە ئاوەز و عەقڵانیەتەوە دەبەستێت و ڕووناکایی خۆی لە عەقڵەوە وەردەگرێت.

گۆڕانکارییەکان و ئاڵوگۆڕییە بنچینەییەکانی سەدەی ڕۆشنگەری، وەک هەموو بزاڤەکانی دیکە بنەڕەت و سەرچاوەیان بۆ ڕووداوەکانی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە. مرۆڤی ڕۆژئاوایی لە سەدەی ناوەڕاستدا بە درێژایی سەدەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و نەهامەتی و

پرسی ئایینی دەبێتەوە کە تووشی ژێردەستەیی و بێ دەرەتانی و کۆیلەیەتی دەکات. سەبارەت بە هۆکاری سەرهەڵدانی چاخی ڕۆشنگەری، دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵی سەرەکی بکەین: دوورکەوتنەوەی کەنیسە و زانایانی ئایینی و مەسیحی لە دەقە بارهێنەرەکانی مەسیحییەتی بناغەدار، شۆڕشی ئابووری،جەنگی خاچ پەرەستەکان، گۆڕانی فیکری کۆمەڵایەتی، ڕێنیسانس، بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی، شەڕی سی ساڵە، شۆڕشی کشتوکاڵی، هەروەها ئەو زەبرە قورسەی مەسیحیان کە بە مەبەستی خۆیان لە ئازادکردنی ماڵی پیرۆز نەگەیشتن، ئەمەش گومانی لای خەڵک دروست کرد کە بۆچی خودای عیسا پیرۆزی لەکیس دا.

## ناساندن و پۆلاندنی ماکەکانی ڕۆشنگەری

بیریاران و ئەدیبانی سەر بە بزاڤی ڕۆشنگەری بە گشتی لەسەر چەند خەسڵەتی سەرەکی بۆ ئەم قۆناغە کۆک و هاودەنگن کە بریتین لە گرینگیدان بە: "عەقڵ، زانست، پێشکەوتن، دادپەروەری، ئازادی، سکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و... تاد". (Hamilton,1992: 21-22)، بەڵام ئەوەی گرینگە، ئاماژە بەم خاڵەیە کە بنەماکانی بزاڤی ڕۆشنگەری خۆیان لەسەر ئەستوندەک و کۆڵەکەی دژایەتی لەگەڵ ئایینی سەردەم ڕووناوە و دامەزراندووە، واتە یەکەم تایبەتمەندی ڕۆشنگەری بەرەنگاری لەگەڵ ئایین و بیروباوەڕە کۆنەکانی کەنیسە و کڵێسایە کە لەم سۆنگەیەوە ئەم بابەتە یەکەمین و جددیترین ئاستەنگ و بەربەستە لەسەر بەهاکانی دیکە کە پێوەندیدارن بە دروشمی ڕۆشنگەری، واتە ئەم مژارە هەڕەشەیەکی مەترسیدارە لەسەر ئازادی، مافی مرۆڤ، دادپەروەری، زانست، عەقلانییەت و هەموو ئەو بەهایانەی پێوەندییان بەم چەمکانەوە هەیە، بۆیە یەکەمین و گرینگترین بەرنامەی ڕۆشنگەری هەڵاواردن و قرتکردنی فێڵ و جادووە لە جیهاندا کە سەرچاوەکەی کڵێسایە و لە بەرانبەردا جێگرکردن و سەقامگیرکردنی مەعریفەیە لە جیاتی خەیاڵ.

هەروا کە لە سەرەتای وتارەکەشدا ئاماژەمان پێ کرد، هۆکاری ناوزەدکردنی سپینۆزا وەک باوکی ڕادیکاڵی ڕۆشنگەری ڕێک بۆ سەر ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە کە ئەم بیریارە یەکەم کەسە کە ڕاستەوخۆ بە نووسینی کتێبەکەی ترس و پیرۆزبوونی شکاندووە، واتە ترس لە دەسەڵات و پیرۆز بوونی دەسەڵاتدارانی کڵێسا کە لەو سەردەمەدا هەمووکات ئامادە بوون پاشکەوتەکانی بەهەشت بە نەقدی سەر زەوی سەربەسەر بگۆڕنەوە. هەر بەو هۆکارەوە کتێبی "ئیلاهی-سیاسی" ئەم بیریارە چووەتە لیستی ڕەش، یان یاساغ کراودا کە کەس مافی خوێندنەوەی نەبووە، جگە لەوەی کە سزای زۆر قورسیش لە لایەن کەنیسەوە بەسەر سپینۆزادا سەپاوە. ئەم ڕووداو و دیاردەیە دیسان لە بابەت (کانت)ەوە دووپات دەبێتەوە. کانت زیاتر لە هەر بابەتێک گرینگی بە دەربازبوون و خۆهەڵاواردنی مرۆڤ داوە لە پێنەگەیشتوویی و لاوازی عەقڵی خۆی لە بواری پرسە ئایینییەکاندا. بە نەریتی کانت ناپێگەیشتوویی لە کاروباری ئایینی لە هەموو جۆرە پێنەگەیشتوویەکی دیکە پڕ چەرمەسەریتر و پڕخەسارترە. ئەم مژارە بێ گومان گرینگترین داڵغەی سەرەکی لاک، نیوتن، مۆنتسکیۆ، ڤۆڵتێر، ڕۆسۆ، لێسینگ، دیدرۆ و داڵامبێریش بووە، ئەم بیریارانە لە کاتێکدا ئەم دروشمە پێکهاتە بەزێنانەیان ئاراستە کردووە کە بێدەنگی و ملکەچی شیاوترین شێوازی ژیان بووە، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی خەڵکی ترەوە دەنگی خۆیان دژی دەمارگیری ئایینی و دژی چەوساندنەوەی خەڵک لە لایەن کەنیسە و کڵێساوە هەڵبڕیوە و جەختیان لەسەر ئازادی و مافی ڕادەربڕین کردووە. بە واتایەکی دیکە ئەم بیریارانە شۆڕشێکی مەزنیان دژی تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی ئایینی و بیر و هزرە توندڕەوەکان بەرپا کردووە.

جێگای ئاماژە پێدانە کە سەردەمی ڕۆشنگەری، بە واتای وەدیهاتنی تەواوی ئازادییەکانی مرۆڤ، هەروەها مافە مەدەنییەکان نییە، بەڵکو سەردەمی چاندنی تۆوی هزر و مەعریفەیە و بیریارانی ئەم سەدەیە جەختیان لەسەر بەکار هێنانی زانست و عەقڵ بۆ پشکنین و دەست بە سەرداگرتنی سروشت کردووە و ڕوانینێکی نوێباویان بۆ ڕاڤەی مرۆڤی سەردەم ئاراستە کردووە. بە نەرینی ئەوان جیهان بناغەیەکی عەقلانی هەیە کە تەنیا دەتوانین لە ڕێگای زانستە عەقڵی و ئەزموونییەکانەوە تێی بگەین و لەم سۆنگەیەوە تاک لە باری مەعریفە و لە بواری ناسینی خۆی و جیهانی دەوروبەری یارمەتی دەدات. بزاڤی ڕۆشنگەری ڕۆڵێکی مەزنی بینی لە پەرەپێدانی ژیار و

ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناو زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا و بووە هۆی خەباتێکی فیکری کە چینی مامناوەندی دژ بە دەرەبەگ و پاشماوەکانی، هەروەها دژ بە دەسەڵاتدارانی ئایینی بوەستنەوە. ئاراستەکردنی وەها سیستمێک دواتر بووە هۆی ئەوەی کە بزاڤی نوێگەری لە کۆمەڵگای ئەورووپی دەستی پێ کرد و کۆمەڵگای لە قۆناغی کشتوکاڵی و دەرەبەگایەتی سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی پیشەسازی گواستەوە و هەلێکی گرینگی بۆ پێشکەوتنی فەلسەفە، زانست و ئەدەب و هونەر خولقاند. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لە فەڕانسە بزاڤی ڕۆشنگەری بوو بە کۆڵەکە و ئەستوندەکی شۆڕشێکی مەزنی سیاسی کە لایەنی نەتەوایەتی بە خۆیەوە بینی. ئەم بیریارانە هەوڵیان داوە بۆ گەشە و نەشەی ڕووناکبیری و عەقڵ لە پێناوی شۆڕشی داهاتوودا و بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد و ڕەخنە و گازندەیان لە هەموو بیروباوەڕ و ڕاو بۆچوون و داب و یاسایەکی کۆن و دواکەوتووانە دەگرت و هەموو بیچم و ئیسم و ڕەسمێکیان خستە بەر تیغی تیژی گومان و نەشتەری تێڕامان.

## پێشەنگانی بزاڤی ڕۆشنگەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمەوە ئاڵوگۆڕی لە ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی هەندێک لە شاعیرانی ئەم سەدەیە، بە هۆی گۆڕان و گووڕانی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز بە بەراورد لەگەڵ شیعری شاعیرانی ڕەوتی پێشوو، دەردەکەوێت. بە واتایەکی دیکە ئەم شاعیرانە لە ناو گەرمە ژانی نوێبوونەوەیەکی بنەڕەتی ژیاون، هەروەها ویستوویانە تازەگەرییەک لە بابەت کولتوور، سیاسەت و گرینگتر لە مانە لە بابەت بار و بواری ئایینی وڵاتانیان وەڕێ بخەن و بەرپا بکەن و بۆ یەکەمین جار لە پانتایی مێژووی نەتەوەیی هەنگاویان بەرەو هەڵایساندن و داگیرساندنی مەشخەڵی ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگای کوردی هەڵێنا. شیعری ئەم شاعیرانە لە چەمک و هێما و کەشوهەوای ئایینی و عیرفانی و تا ڕادەیەکیش لە شێوە و شێوازی دڵداری و عاشقانە دوور دەکەوێتەوە و بە شێوازێکی نوێباو بە بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی مەعریفی لە شیعردا دێتە ئاراوە. ئەم شاعیرانە کە تەنانەت زۆربەیان لە نێو حوجرە و تەکیە و مزگەوت و خانەقا و لە ئاستێکی بەرزدا بە شێوازی سوننەتی پەروردە کرابوون، ڕوویان نایە بەرهەمهێنانی بزاڤێکی ڕۆشنگەری کە تێیدا تازەگەرییان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا پێکهێنا.

تا ڕادەیەکی زۆر شیعری شاعیرانی پێش ئەم سەدەیە، تەنانەت هەندێک شاعیری سەردەمی خۆیان هەر بە بیر و هزری ئایینی و عیرفانی و بەهای نیشتمانیدا گرێ دراون، یان هەندێک لەو شاعیرانە تەنیا پێداگریان لەسەر بەها نەتەوەییەکان کردووە، بەڵام شاعیرانی بزاڤی ڕۆشنگەری بۆ یەکەم جار و بوێرانە خەباتی چاندی و هزری لە دژی شێخ، مەلای دواکەوتوو، دەرەبەگ و ئاغای سەردەم دەکەن و دژی خورافە و جەهل و نەزانی بەیداغ و ئاڵای شەکاوەی ڕۆشنگەریان هەڵداوە، هەروەها لەم سۆنگەیەوە بەرگری لە هەموو ماکەکانی بزاڤی ڕۆشنگەری دەکەن، تا ڕادەیەک کە دەتوانین ئەم شاعیرانە سەر بە قوتابخانەی مرۆڤ مەزنێتی بژمێرین و ناوزەدیان بکەین لەو سۆنگەیەوە کە بە نەرینێکی نوێباو سەیری مرۆڤی سەردەم دەکەن و ئازادی بە گرینگترین بەها دەزانن. شاعیرگەلێک کە لێرە دەبێ وەک لایەنگران و ئاڵاهەڵگران و پێشەنگانی ئەم بزاڤە ناویان ببەین بریتین لە: حاجی قادری کۆیی، مەلا مەحموودی بایەزیدی، پرتەوی هەکاری، پیرەمێرد، زێوەر و قانیع، ئەم شاعیرانە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا خاوەن شێواز و ڕاوێژی تایبەتی خۆیانن کە سەرباری لایەنی ئەدەبی و جوانیناسانەی بەرهەم و ئاسەوارەکانیان، هەروەها هەست و هەڵوێستی سیاسی و نەتەوایەتیان، هەڵگری ئاڵای شەکاوەی بزاڤی ڕۆشنگەریشن.

پێش ئەوەی ماکەکانی ڕۆشنگەری لە شیعری ئەم شاعیرانە تاووتو بکەین، پێویستە باس لەو بەستێنە بکەین کە کاریگەری و شوێندانەری لەسەر شیعری ئەوان هەبووە. بە دڵنیاییەوە یەکەم کاریگەری لەسەر هزری ئەم شاعیرانە بۆ شوێن هەڵگرتن لە بارودۆخی سیاسی و گوتاری زاڵ بەسەر کەشوهەوای ڕامیاری هەموو ئەو میرنشین و ڕاپەڕینانە دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم تا سەرەتای سەدەی بیستەم، هەست و هەڵوێستی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەریان لە مرۆڤی کورددا بە ئاستێکی بەرز گەیاندبوو کە بریتین لە:

میرنشینی سۆران (١٧٨٤)، میرنشینی بابان (١٨٥١)، میرنشینی بەدرخان (١٨٤٧)، هەروەها ڕاپەڕینەکانی یەزدان شێر (١٨٥٣)، ڕاپەڕینەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی (١٩٠٧)، ڕاپەڕینەکانی سمایل ئاغا سمکۆی شکاک (١٩١٣)، ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحموود (١٩١٨) و ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥). سەرجەم ئەم ڕاپەڕینە نەتەوەییانە زەمینە و بواریان خۆش کرد بۆ ئەوەی کاکڵ و ناوئاخن و ناوەڕۆکی شیعریی لە شیعری شاعیرانی ئەم سەدەیە بە شێوەیەکی نوێباو و جیاواز دەرکەوێت، جگە لە مەش، لە سەدەی نۆزدەمدا ژمارەیەک لەم شاعیرانە ڕوویان کردبووە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئیستەنبوڵ و لەم سەردەمەدا ئیستەنبوڵ مەڵبەند و ماڵباتی ڕۆشنگەری بوو و ئاڵوگۆڕێکی گشتگیری بیر و بیریاری پێکهاتبوو و چالاکی چاندی و هزری بەرفراوانی تێدا ساز دەکرا. هۆشیاری و هەژان و ڕاژانی شاعیرانی کورد بە هۆی ئاشنایی لەگەڵ بیریارانی ڕۆژئاوایی و دیتنی ئەو پێشکەوتنەی ڕۆژئاوا بووەتە هۆی ڕەخنە و گازندە، تەنانەت تەوسی قورس لە نەتەوەکەی خۆیان کە گوایە لە بەستێنی دواکەوتوویدا لە ئاست ڕادەی عەقڵییەتی گوندەکانیاندا ماونەتەوە و ئاگاداری ئەوە نین کە گەلانی جیهان لە ڕێگای دوو بنەما و بناغەی ئەزموونگەری و عەقڵتەوەری بە چ پێشکەوتنێک گەیشتوون.

جێگای ئاماژەیە کە پرۆژەی ئەم شاعیرانەش وەک شاعیرانی پێش خۆیان، خاوەنی ماکە و بنچینەی نیشتمانپەروەرانە و ئازادیخوازانەی نەتەوایەتی بووە، پاشان ڕای پێچاون بەرەو چەمکە ڕۆشنگەرییەکان، واتە دژایەتی لەگەڵ مەلا و شێخ و ئاغا و دواتر ڕۆشنگەری ئایینی، دادپەروەری، گرینگیدان بە ڕۆڵی زانست و مەعریفە بۆ پێشخستنی نەتەوەکەیان، وەبەر خستنی مافی ژنان و گرینگیدان بە خوێندن و زانایی و هێژایی و ژیرایەتی مرۆڤی کوردە، شاعیرانی ناوبراو لە کلاوڕۆژنە و ڕۆچنەی شیعرەکانیانەوە لە زوڵمی ناوخۆی دەسەڵاتی کورد، واتە ئاغا و مەلای دواکەوتوو و میری کورد بەرانبەر بەو خەڵکی چەوساوە و کرووساوەی کوردستان دواون و ڕەخنەی جدیان خستوونەتە سەر، ئەم بنەمایە یەکێکە لە ڕێساکان و پرەنسیپە سەرەکییەکانی بزاڤی ڕۆشنگەری. لەم بارەیەوە دەتوانین بە لێشاو نموونەی ئەو بەرپەرچدانەوە بهێنینەوە کە هەرگیز لە شیعری بەرەی پێشووی ئەماندا باسی لێ نەکراوە. ئەم شاعیرانە کە لە لایەکەوە دەتوانین بە هزروان و بیریاریش پێناسەیان بکەین، چون بە بیر کردنەوە و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی عەقڵی خۆیان بەم ئاکامە گەیشتوون، بۆ خۆڵقاندنی تاکی سەربەخۆ تێکۆشاون و بە دژایەتی کردن لە هەمبەر هەڵفریواندن و هەڵفریوێنەراندا نەفرەتیان لەو باوەڕە باوە ئاماڵ -پیرۆزانە کردووە کە هۆکاری چەوساندنەوە و کرووساندنەوەی جمبوورەی جەماوەری کوردستان بووە.

تایبەتمەندییەکی گرینگی دیکەی شاعیرانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە لە زۆربەی شیعرەکانیاندا داوای کۆتایی هێنان و وازهێنان لە سیستمی کۆنی خوێندن لە کوردستان دەکەن، بە جۆرێک کە مەعریفە لە پاوانی فێرگە ئایینییەکان بێتە دەر و چارەسەرێک بۆ واقیع بدۆزرێتەوە، هەر بۆیەش سیستمی ژیار و ژیانی ئەورووپا و مۆدێلێکی شارستانیەتی جیهانی ڕۆژئاوا بە نموونە دەهێننەوە بۆ ئەوەی گەلی کوردیش چاویان لێ بکات و سوودیان لێ وەربگرێت. سیستمی خوێندن لە زەمانی ئەم شاعیرانەدا، خوێندن لە حوجرە و مزگەوت بووە. ئەم شاعیرانە کاتێ خوێندنی مەلایەتی تەواو دەکەن، چاویان دەکرێتەوە کە ئەم سیستمە کۆنە هیچ مەعریفەیەکی نوێباوی ئەوتۆ بە کۆمەڵگای کوردی نابەخشێت و ئاستەنگ و لەمپەر و بەربەستێکیشە لە بەردەم پێشکەوتنی سیستمی پەروەردەی کورد.

شیعرەکانی ئەم شاعیرانە تا هەنووکەش داڵغە و کەڵکەڵەی زەین و بیری مرۆڤی سەردەمن و خاوەن قووڵایی و ناوەڕۆکێکی فەلسەفین. بەشێکی ئەم ڕوانینە ئەزموونی دەروونی، کۆمەڵایەتی و هزری ئەم شاعیرانەیە بۆ واتاگەلی مرۆڤ، جیهان و ژیان، ئەمەش سازکردنی سوژەیەکی نوێی کوردییە کە بە پشت بەستن بە گەڕان و خوێندنەوە و گومانی ئەم شاعیرانە لەسەر دەسەڵاتی شێخ-مەلا و میر-ئاغا دامەزراوە، هەر بۆیەش دەتوانین تێکۆشانی بەرهەمهێنەرانەی ئەم شاعیرانە بە پێکهاتەیەکی نوێ لە گوتاری فیکری و مەعریفی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بێنینە ئەژمار. لەم سۆنگەیەوە ئەم شاعیرانە جگە لە بەرجەستە کردنی خولیا و داخوازی و خواستە نیشتمانی و نەتەوەییەکان پێداگریان لە

ئارمانخوازی، ئازادیخوازی، گۆڕینی سیستمی پەروەردە، گۆڕینی مرۆڤی هەبووە و بەرهەمهێنانی مرۆڤی نوێ کردووە.

یەکەم شاعیرێک کە دەبێ بە دەستپێشخەر و پێشەنگی ئەم بزاڤە ناوزەدی بکەین، حاجی قادری کۆییە، حاجی بە هۆی چوون بۆ ئیستەنبوڵ و خوێندنەوەی بەراوردکارانەی هزری ڕۆژئاوا بەو ئاکامە گەیشتووە کە یەکێک لە بەربەستەکانی دواکەوتوویی سوژەی کوردی، هەبوونی سیستمی پەروەردەی هەڵەیە کە لە بیرێکی کۆنباوی ئایینی دەدوێ، هەروەها لە زۆربەی شیعرەکانی قەید و تەزبیب و شەرح و حاشیەی بە سەددی مەعاریفی کوردان داناوە. هەروا کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا شاعیرانێک وەک پرتەوی هەکاری، مەحموودی بایەزیدی، پیرەمێرد و زێوەریش لەم بارەیەوە بۆچوون و لێدوانیان هەبووە و لە زۆربەی شیعرەکانیاندا خاوەنی ماکەگەلی بە نرخی ڕۆشنگەرین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت دوند و لووتکەیەک بۆ ئەم بزاڤە دەستنیشان بکەین، ئەو کەسە بێ گومان دەبێ قانیع بێت. قانیع لە دەگمەن شاعیرانێکە کە بۆ یەکەم جار بەرەنگاری سێ کوچکەی "زەر و زۆر و تەزویر" بووەتەوە و گرینگترین بەربەستی چەوساندنەوە و کرووساندنەوە و دواکەوتوویی سوژەی کوردیی خان و مەلا و دەسەڵاتداری سەردەم دەزانێ. قانیعی شاعیر بە هەموو جۆرەکانی دەسەڵات و ئامیرییەت، ڕەشبین و بە گومانە. جگە لە دەسەڵاتی سوژەی کوردی بەسەر خۆیدا. ئەو دژی هەر چەشنە کۆنەپەرستی، کۆیلایەتی و چەوساندنەوەیەکە، هۆکارە سەرەکییەکەی لە باوەڕە کۆنباوە ئایینییەکان و لە دیاردەی داگیرکەری خاک و زەوی چینی ڕەعیەت لە لایەن دەرەبەگەکانەوە ئاو دەخواتەوە، جگە لەمەش شیعرەکانی قانیع خاوەن توخمی "لەقاودەر و ڕیسواکەر"ی جیاوازی چینایەتین، ئەمەش بۆ ئاشنایی و خوێندنەوەی ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە لەسەر بنەماکانی بیری سۆسیالیزم؛ قانیع هانی گەنجانی کورد دەدات بچن دەروازەکانی بیرکردنەوەی خۆیان بەسەر جیهانی پێشکەتوو و واڵای ئەورووپادا ئاوەڵا بکەن و بێن سوود لە ئەزموون و زانست و هونەری گەلانی پێگەیشتوو و پێشکەوتوو وەربگرن.

بە گشتی بنچینەکانی بزاڤی ڕۆشنگەری لە شیعری کلاسیکی کوردی لە سەدەی نۆزدەم، دەتوانین لە چەند خاڵێکی سەرەکی پۆلێن بکەین: تێکشکاندنی دەسەڵات و دیکتاتۆری ئاغا و خان و میر و دەرەبەگ کە بە درێژایی مێژوو کاریان چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستان بووە، خستنە ژێر پرسیاری سیستمی کۆنی پەروردە و لەم سۆنگەیەشەوە ڕەخنەی توند لە مەلا و شێخی سەردەم، گرینگیدان بە فێر بوونی زانستی نوێ، گرینگیدان بە عەقڵی مرۆڤ لە لایەک و بەرز نرخاندنی زانستە ئەزموونگەرەکان لە لایەکەی دیکەوە، پێداگری لەسەر ئازدیخوازی و دادپەروەری و هەموو مافەکانی مرۆڤ، خەبات بۆ ئازادی تاک و یەکسانی ژن و پیاو لە بەرانبەر عەقڵی چەقبەستوو بۆ هزرتەوەری ڕوحی پێشکەوتن. هەر لەم سۆنگەیەوە لە شیعری ئەم شاعیرانەدا هەوڵ دراوە سوژەی کوردی سەرلەنوێ بە ماکەکانی ناوبراو دروست بکرێ و بێتە بەرهەم. ئەم شاعیرانە شۆڕشێکی مەزن و شکۆداری چاندی و فیکری و مەعریفییان لە پانتایی شیعری کوردیدا بەرپا کردووە و گرینگییان بە زانست و تیوری پێشکەوتنخوازانە بە هەوێنی سەرکەوتن و پێشکەوتن و پێگەیشتن داوە.

**سەرچاوەکان:**


**1- Israel, Jonathan (2001), Radical Enlightenment Philosophy and the Making of Modernity, 1650-1750, Oxford: Oxford University press**

**2- Hamilton, Pete (1992), ?The Enlightenment and the birth of social science? On Formation of Modernity, Edited by Stuart Hall and Bram Gieben. Cambridge: Polity press**

**3- Kant, Immanuel (1996), ?An Answer to the Question: What is Enlightenment?? in What Is Enlightenment? Eighteenth ? Century Answers and Twentieth-Century Question Translated by James Schmidt, California: University of California Press.**